کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
24-5-2007 17:59 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# نامەی کراوە بۆ بەڕێزان: مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم، نێچیرەڤان بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، عمر فتاح حوسێن جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ... بەهار مونزیر

بەڕێزان: ماوەکەی زۆر کورت بەسەر کوشتنی دڕندانەی دوعا خەلیلدا تێپەڕی و بە داخەوە وا شاهیدی کارەساتێکی ترین دژ بە ژنێکی تر. شەوبۆ علی ڕەئوفی تەمەن 19 ساڵ لە هاوینەهەواری دوکان بە دڕندانەترین شێوە کوژراوە و جەستەکەی بە شێوێندراوی فڕێدراوە. بە پێی بڵاوکراوەی (جەماوەر)، مەسەلەی ناموس لە پشت ئەم کارەساتەوەیە.

ڕاستە دوعا دانیشتووی بەعشیقە بوو وە ئەویش ئەکەوێتە چوارچێوەی دەسەڵاتی حکومەتی عێراقیەوە. بەڵام خۆ ئێوەش بەشێکی بەرچاو لەو حکومەتە ئیسلامی و دژی ژنیەن و پاشانیش چەکدارەکانی پارتی دوعایان تەسلیم بە کەسوکاری کردەوە! لە کاتێکدا زۆر باش ئەزانن کە لە عێراقدا کوشتنی ناموسی ژنان لە برەوی خۆیدایە و بکوژانیش بێ دادگایی ئەسوڕێنەوە، یان لە باشترین حاڵەتدا کەمترین حوکم ئەدرێن تەنها بە بەهانەی ئەوەی خەریکی شتنەوەی شورەییەک بوون (غسل العار) کە بە سەریان هاتووە.

دەسەڵاتی ئێوەش لەم چەند ساڵەدا نەک هەر بێباک بووە، بگرە بە لە پشت وەستانی ئێوە بۆ کۆنەپەرستی و پیاوسالاری و عەشیرەتگەری، هەتا هاتووە زەمینە بۆ ئەم تاوانە وەحشیانەیە دژی ژنان خۆشتر بووە. ڕەنگە ئێوە بڵێن کە یاساتان داناوە و کوشتنی ژنان قەدەغەکراوە. قسەیەکی چەند ئاسانە بۆ ئەوەی شان خاڵی بکەنەوە لەو هەموو تاوانەی دژ بە ژنان لەژێر سایەی دەسەڵاتاندا ئەکرێت. ئەی ئەوە نیە مەسەلەی دوعا بەبەرچاوتانەوە ڕوو ئەدات و چەکدارەکانتان بە پێکەنینەوە تەماشای ئەکەن؟ ئەی ئەوە نیە بە ڕوویەکی قایمەوە ڕاپۆرتی ئەمنستی ئەنتەرناشناڵ بە درۆ ئەخەنەوە؟ چیتان ئەوێت لەوە زیاتر کە ڕۆژانە بڵاوکراوەکانی خۆتان دەیان خۆسوتاندن و کووشتن و فڕیدانی لاشەی ژنان بڵاو ئەکاتەوە. بەڕاستی پێویستتان بەوەیە لیستی دەیان هەزاری لە کوشتنی ناموسی و خۆسوتاندن و توندو تیژی بێوێنە بگاتە سەدان هەزاری ئنجا پێشی پێ بگرن؟! ئەتانەوێ هاوار و ناڵەی دوعا ببێ بە ترسێکی هەموو ساتە لە دڵی کچان و ژنانی ئەو وولاتەدا؟ ئەتانەوێ هەموو کەس لەوە بترسێت وەک شەوبۆی لێ بێت؟

ئێوە بەم بێ باکی و بێ دەنگیەتان، بەم چاوپۆشیەتان لە کوشتنی ژنان (بەتایبەتی کەیسی دوعا)، زۆر بە توندی لە پشتی کووشتنی ناموسی ژنان ڕاوەستاون. ئێوە بەمجۆرە خەریکن هەلومەرج لەبار ئەکەن بۆ ئەوەی بەردبارانکردن و کوشتنی ناموسی ببێت بە عادەتی ئەو کۆمەڵگایە. بەڵام گەر ئێوە خەریکی ئەوەن، ژنان و پیاوانی یەکسانی خواز خەریکی ڕزگارکردنی کۆمەڵگا و ژنانن لەو مەئساتە. ئێمە خەریکین ئەوە ببێت بە عادەت کە کەس نەتوانێت لە ژنان بدات، ناموس لە ژیانی ڕۆژانە و فەرهەنگی خەڵکدا نەمێنێ و فڕێ بدرێت و کەس جەرائەت نەکات باسی لێبکات و وەک بەهانەیەکی ئاسان بۆ ژنکوژی بەکاریبهێنێت.

ئێمە لە پشتیوانی ئازادیخوازی جیهانی بەهرەمەندین و لە هەوڵی ڕاکێشانی ئەو پشتیوانیەدا ئەبین تا ناچارتان بکەین یاسای یەکسانی نێوان ژن و پیاو پیادە بکەن. تا دەست لە لاواندنەوە و بوژاندنەوەی کۆنەپەرستی و پیاوسالاری هەڵبگرن.

بەهار مونزیر
نوێنەری ڕێکخراوی ئازادی ژن لە نەرویج
2007 .05 24

baharmunzir@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.